www.kurdistannet.org
22:52 28-8-2006 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کورسییەکانمان بۆ چۆڵ کەن! ... کارزان گلی

لەم رۆژانەدا ئەندام پەرلەمانێکی خانەنشین سەردانی فەرمانگەکەمانی کرد، بەمەبەستی چەند کارێکی خۆی، ئەزیش نەمزانی ئەوە ئەندام پەرلەمانە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەساڵاچوو بوو لەگەڵیدا بووم تا کارەکانم بۆ راپەراند. ئەوەی لەلام سەیر بوو لەگەڵ ئەو ئەندام پەرلەمانە خانەنشین کراوە ئەوە بوو، کە ناوبراو لایەنگیرییەکی لە پەرلەمانەوە پێ بوو مووچەیەکی خەیاڵیان بۆ بڕیبۆوە، کە بڕی 4500000 چوار ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار مووچەکەی بوو، ئاخر ئەندام پەرلەمانێك کە نوێنەری میللەتە کاری لە پەرلەمان تەنها (بەڵێ) بێت چ یاسایەك ئەو مافە بەخۆی دەدات مووچەی مانگێکی ئەندام پەرلەمانێکی خانەنشین کراو هێندەی 2 ساڵ و نیوی دەرچووی کۆلێژێك بێت.

لەوڵاتی سوێد هەر ئەندام پەرلەمانێك ئەگەر (3) جار لەسەر یەك لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرایەوە ئەوا جاری چوارەم بۆی نییە خۆی هەڵبژێرێت، بەڵام چونکە کەسێکی شیاو بووە بە جیدی نوێنەری میللەت بووە بۆیە (3) سی جار هەڵبژێردراوە حکومەت خانەنشینی دەکات بە مووچەیەکی رەمزی کە بەشی بژێوی ژیانی بکات، ئەندام پەرلەمانەکانی لای خۆمان ئەگەر چی هیچیان لەلایەن میلەتەوە هەڵنەبژێردراون و خۆشیان بە نوێنەری میللەت نازانن کەچی حکومەت وەکو رێزێك مووچەیەکی خەیاڵییان بۆ دەبڕێتەوە. ئیتر گەنج چ متمانەیەکی بە دوا رۆژ و هیواکانی بێت لەم وڵاتەدالەم دنیای مۆدێرنەدا گەنجی ئێمە لەبری خۆ سەرقاڵکردن بە ئینتەرنێت و کۆمپیتەر و تەکنەلۆجیای سەردەم کەچی کێشەی سەرەکی بۆتە بەنزین و کارەبا و نیشتەجی بوون.

بەر لە هەڵبژاردن دوو حیزبە سەرەکییەکەی کوردستان مەبەستم لە پارتی و یەکێتییە هێندەی یەك دنیا بەڵێنیان بە خەڵکی دا تا دەنگیان بۆ بدەن کە باسی هەستی نیشتیمانی دەکرا هێندەیان خۆ فش دەکردەووە وەك بڵێی هەمیشە لەخەمی میلەتدا بوونە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا میللەت وەکو هەستێکی نیشتمانی بەپیر و گەنجی ئەم وڵاتە بەرەو سندوقەکانی دەنگدان بەرێکەوتن لیستی هاوپەیمانی کوردستانیش دووەمین دەنگی بەدەست هێنا، بەڵام لە بری پاداشت کردنی خێڵکی و جیبەجی کردنی بەڵێنەکانیان کەچی بە پێچەوانەوە بە بڕینی کارەبا و نەمانی بەنزین و بەرزبوونەوەی کرێیی خانوو پاداشتی میللەتیان دایەوە.

ئەم دوو حیزبە خۆیان بە حیزبێکی دیموکراتی دەزانن کەچی لە دیموکراتیش تێناگەن. یەکێك لەبنەماکانی دیموکراتی ئەوەیە، کە ئەگەر لەتواناتدا نەما خزمەت بە میللەت بگەیەنیت ئەوا زۆر ئاساییە کورسی بۆ کەسێکی تر چۆڵ بکەیت. هەموو خەڵك رێزی بۆ خەباتی چەند ساڵەتان هەیە رێزیش لە مێژووی شەهیدانتان دەگرن، بەڵام ئێستا ئێوە هیچتان بۆ میلەت پێ نەماوە لە بەڵێنی درۆ زیاتر، بۆیە داواتان لی دەکات تکاتان لی دەکات با هەتا ئێرە بێت و بەس با چیتر دەماری تورەییمان لێتان هەڵنەستێت کورسییەکانتان بۆ کەسێکی تر چۆڵ بکەن کە خزمەت بە میللەت دەگەیەنێت. چۆن پێتان شەرم نییە ئەو هەموو بەڵێنە درۆیە بەخەڵکی دەدەن ئاواش پێتان شەرم نەبێت برۆن کورسییەکانمان بۆ چۆڵ کەن بەڵێن ئێمەش رێزمان بۆ خەباتی چەند ساڵەتان هەبێت.

Karzan_ma82@yahoo. com